# گەڵایە زەرد

کۆژان

لە ئەم ساڵی پایزمدا
گەڵایە زەرد پڕی دایە سەرو چاوم
ئەیوست پرسە
لە سورایی ڕەنگما دانێ
دەستم دایە,بەدوو پەنجە
سەرنجم لە بەژنیا مەلەدا
ئەم سەرم کرد ئەو سەرم کرد
هیچ جیاوازیم
لە گۆڕنانی و زیندوێتیما بەدی نەکرد

1989-7-22

کلار

*********

## هاوژان

ئەی قەرەجە گەڕۆکەکە
منیش وەک تۆ
گورگ لە مەرگی ئەوینمدا
پێ ئەکەنێ
بۆ هەرکوێیەک
چاو بڕئەکاو گوێ ئەبیسێ
ژاناو ژەمی نان خواردنەو
پارە گەڵای تەمەن ئەچنێ

1986-4

کلاری کۆن

*************

## دوارۆژی ڕون

ئەی منداڵەماندووبووەکان
هەر کاتێ دێ
کەس لەئێمە برسی نەبێ
حەزی یاری و خولانەوە
نەبێتە هێز
بۆ کڕینی جارێ لە گۆشتی مانگانە
بۆ پۆشینی جلوبەرگی قوتابخانە

1986-11
کەلاری کۆن